ڕوونکردنەوەیەک بۆ کەمپینی داکۆکیکردن لەدۆزی مەریوان..!                سەردرا عەبدوڵلا

سلاو

بەڕێزانم من لە سووربوونم بۆ ئازادی رادەڕبڕین لە کوردستان، و لەدژی هیستریای تاقمە کۆنەپەرستەکان؛ دەستی هەرکەس و لایەنێک دەگوشم کە بۆ بەرگری لە بیری ئازاد هاتۆتە مەیدان، هەر بەم هۆیە زۆر بە هەڵپە بووم بۆ هاوکاری هەرکەسێک لەم بوارەدا کە بییەوێت کارێک بکات! هەر بەم هۆیەش پاش سەرنجی وردم لەو نامەیەی بەڕێزتان لە بۆ بەرگری لە مەریوان هەڵەبجەیی نووسیبووتان، سەرنجم نەچووە سەر بڕگەیەک کە لەگەڵ بیر و بۆچوونم دژایەتی هەیە! کە هەر کەسێک مافی هەیە خەڵکی تر کێش بکاتە دادگا بە بیانووی ئەوەی کە رەمزە پیرۆزەکانی سووکایەتی پێ کراوە، لە راستیدا، ئەم بڕگەیە بۆخۆی مەنگەنەیەکی ترە بۆ خستنە ژێر فشاری ئازادییەکانی مرۆڤ و بیانوویەکی ترە لە ئازادی رادەڕبڕین! بە ڕای من هیچ رەمزێک باڵای پیرۆزی ئەوەندە بەرز نییە کە ڕەخنەی لێنەگیرێت؛ هەروەها ئەو سیمبۆلانە بۆیە پیرۆزکراون تاکوو دەرگای رەخنە بەڕووی هەموو کەسێکدا دابخرێت، پیرۆزکردن واتە بڤەکردن! پیرۆزکردن بیانووییەکی جاهیلانەیە لە ئازادی رادەڕبڕین؛ هەر بۆیە دەبێت: هیچ کەسێک نەتوانێت بە بیانووی خستنە ژێر پرسیار و هەتا سووکایەتیکردنیش بە بەها پیرۆزەکانی لە لایەن کەسێکەوە دادگاکان بەخۆیەوە مەشغوڵ بکات!

هەر بەم هۆیانە من وەک کەسێکی ئیمزاکەرانی ئەو نامەی نارەزایەتییە داواکارم ئەو بڕگەیە پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت و بگۆڕدرێت، ئەوسا بەخۆشحالی و سەربەرزییەوە ناوی خۆم دەهێڵمەوە لە رێزی ئیمزاکەرانیدا، بە پێچەوانەوە داوادەکەم کە ناوم لە لیستەکەدا لابەرن!

بە هێوای سەرکەوتنی هەر ئینسانێکم کە بۆ خۆشبەختی و ئازادیی مرۆڤ تێدەکۆشێت!

سەردار عەبدوڵلا